# ئاییندەی مەسیحیەکان (کلدان سریان ئاشوور) بەرەو کۆی؟!.



وەرگێرانی لە عەرەبییەوە بەدەستکاری:
سەباح شامایا

لە مێژووی گەلانی جیهاندا دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەک بۆ قەیرانەکانی سیاسی و نەتەوەیی بەپێی خواست و ئارەزووەکانیاندا، نەدۆزراوەتەوە ئەگەر ئەمەش هەوڵی بۆ بکرابایە زۆر لەو کێشەو گرفتانە کە لەسەر تاپای دونیادا سەری هەڵداوەتەوە وەک گەلی فەلەستین و لوبنان ئەمازیغ و کورد لە گشت پارچەکانی و قوبتییەکان لە میسر و ئەرمەنییەکان وهەرێمی باسک وئێرلەندەی باکوور و دارفور . هتد، وسەدان کێشەی تر بۆ ئەو نەتەوانە کە زۆلم زۆرداری بەسەریاندا سپێنراوە زۆر بەئاسانی وبەبێ دەمارگیری خوێندرێژی چارەسەر بۆیان دەدزۆرایەوە بە دەیالۆگ و دان بەمافی یەکتر وچارەنووسی گەلان باری مەسیحیەکان بە گشتی لە (کەلدان سریان ئاشوورییەکان) لە عێراق جێگای داخ و پەژارەیە لەلای نەوەکانی خۆی ئەوانەی لە خاکی خۆیان و دەرەوەدا ماون، لەسەر ئەو بنەماوبیرۆکە ژیاون کە خودی خۆیان خاوەن خاکن و بونیادنانی شارستانیەتی دۆلی دوو زێ لەسەر ئەستۆیان بووە، بە کورتی نەتەوەیێکی ڕەسەنی ئەم ولاتەن، بەلام بە داخەوە بیرۆکەکەیان توشی هەوراز و نشێو بووە نەگەیشتۆتە خەون وئاواتەکانیان.

ئەم نەتەوە ستەمدیدە وهەق خوراوە، لە بەر چەند هۆیەک تووشی پاشەگزە هاتووە ئەم هۆیانەش جۆراوجۆرن، گرنگترینیان سەرهەڵدانی کێشە وگرفتی ناوخۆیی لە نێوانیادا. هەندێ هۆی تردەرەوەی یە پابەندە بە زۆرینەی دانشتوانی ئەم نەتەوە بە پلەی دووەم ناونراوە لە لایەن ئەم زۆرینەوەیە بەکەمە نەتەوە ناسراون بەلای ئەم زۆرینەوە، مەسیحیەکان تەنها مافی ژیانیان هەبێت بەبێ ئەوەی ڕۆڵی سەرەکییان هەبێت لە دارشتنی سیاسەتی داهاتووی وڵات.

هەروەها بەرپابوونی رق وقینە و دەمارگیری هۆکارێک بووە بۆ کۆچ کردن وبەجێ هێشتنی گوند و شاروشارۆچکەکانەوە بەرەوهەندەران وەک ئەوەی بە سەر جوولەکەکانەوە هات لە ناوەراستی سەدەی پێشوو ..

جارجاریش دەبینین بە دانانی بەربەست وئاستەنگ بەرامبەر گرفتەکان لە لای هەندێ لایەن کە خۆیان بە ئەنقەست لە گێلی دەدەن و راستییەکان زۆر بەباشی دەزانن بەرامبەر بەنەتەوەی تر لەو گۆرانکارییانەی کە لە سەر ئاستی جیهان روویداو وەک پەیرەوکردنی مافی مرۆڤ ومافی ئازادی وسەربە خۆیی. هتد. پەیرەو نەکردنی مافەکان و گوێ نەدانی داواکارییەکان دەبنە هۆکارێک بۆ خولقاندنی بێزاری لە لایەن خاڵکی ماف خوراو وبەبێ دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەک بۆ کێشەکانیان بەدرێژایی ژنیاندا. ئەم کێشانەکە دەگاتە ئەو ئاستەیە بەبێ چارەسەرکردن، لایەنگران و دۆست و هاورێیەکان یەکەیەکە خۆیان دوور دەخەن هەرچەندە خاوەن هەقن تووشی ئیفلیجی دەبن لەبەر بێتوانایان بەرامبەر هەق خوراو، هەروەها نەبوونی سەرکردارییەتی شەرعی بەراست وبەهەق تونانای بەرگری لەمافەکانیان هەبێت ئەمەش هۆکارێکی ترە تووشی شپرزە بوون دەبن لە بەرامبەر ئەم دیاردەیە بەدیارناکەوێ یەکێک بەرژەوەندی هەبێت بۆ بەرگری لە و جۆرە کێشانە، چونکە تاکو ئەم ساتە مەسیحیەکان فەرامۆش کراون، چونکە دینامیکی بزوتنەوەیان لاوازە لە بەر پەرت بوونی پارتەکانیان و کۆمەلەکانیان، هەروەها نەبوونی پێداویستەکانی بنەرەتی و هۆکاری پێویست و هاندانی بزووتنەوەیان لە کۆتایی دەگاتە خالێکی نیمچە داخراو رووکارەکەی بەرەوئۆمیدێ نادیار هەنگاو دەنێت .

لە بەرئەم روانگەیەوە ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە، کێشەی گەلی (کلدان سریان ئاشووری) کە بەمەسیحیەکان زیاتر لە ناوچەکە دەناسرێت چارەنووسیان گەیشتوتە گوێ؟! تاکەی ئەم گەلەماف خوراوە باجی سیاسەتە چەوتەکان دەدات؟ لە رووی مامەلە کردن لە گەلیاندا بەبەراورد کردیان لەگەل نەتەوەکان ولایەنی تر لە گۆرەپانی سیاسی عیراقیدا لە سالانی رابردوودا تاکو ئەمرۆ ئەم دیاردانە بەردەوامە بەبێ وەستان، کوشتن، تۆقاندن فراندن بزر کردنەوە تیرۆکردنەوە، کۆچ کردن، تەقینەوەی کەنیسەکان، تیرۆرکردنی گەورە پیاوانی ئایینی، خەراپی باری گوزەرانی خەلک نەبوونی ئومێدی بۆ ژیانێکی هێمنی ..هتد.

لە رووی سیاسیەوە سەرکردەکانی ئەم گەلە بەگشتی بە دوای بەرژەوەندی خۆیان خەریکن تاکو ئەم کاتە پەرت و بلاون، هەرچەندە هەندێ لایەن خەریکی یەکگرتنن لە رووی پەیرە و کردنی شوناسێکی هاوبەش و یەکگرتوو، بەلام بەشی هەرە زۆرینەیان هەریەک خەریکی ئاوازی خۆیەتی و دوورە پەرێزن لە بەرژەوەندی ستراتیژی گەلەکەیان، هەندێکیان داربەدەستن و هەندی لە سەرکردەکان نازنن چۆن مامەلە لە گەل ئەم واقیعە بکەن گەیشتە رادەیەک بازرگانی بە گەلی مەسیحی بکەن لە پێناوو تەسکی حزبایەتی وایان لە مەسەلەی خۆیان کرد یاری بە کێشەکەیان بکەن وەک یاری تۆپ بۆ لای راست و چەپ هەلی دەدەن لە کۆتایی بەرەو دواوە. بەبێ ئەوەی یەک هەنگاو بەرەو پێش بنێن تاکو ئێستا خەرێکی پێکهێنانی حزب و بزووتنەوەو ئەنجوومونی میللی و نەتەوەن ئامانجە ستراتیژییەکان لە لایەن ڕوون و ئاشکرا نی یە وەبەئەنقەست خۆیان لە گێلی دەدەن .

لەرووی نەتەوەییەوە وەک لە سەرەوە ئاماژەیان پێکرد جۆرەها شوناس بۆ گەلەکەمان هەیە، تاکو ئەمرۆ رێک نەکەوتن لە سەر نازناوێک بۆ یەک نەتەوە بە پێچەوانەوە هەولدان بەردەوامە لە لایەن سەرکردەو بزووتنەوەو کۆمەلەو ئەنجومەنی سەر بە نەتەوەکان بۆ لەیەک ترازن و دوور کەوتنەوە وە هەریەک بەبێ ڕێکەوتن خەرێکی چەسپاندنی نازناوی نەتەوەکەیەتی لە ناوەرۆکی دەستووری عێراق وەک بلێی سەرکەوتێکی مەزنیان ئەنجام داوە..

بە کورتی چارەنووسی گەلی (کلدان سریان ئاشووری) لە مەترسیدایە وە بەرپرسیارەکانی ئەم گەلە دان بە هەڵەکانیان نانێن و دان وبە بەرپرسیارەتییان لەسەر گشت گرفتەکان و کەم کوڕی بەبێ رەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی گەلەکەمان کارەکانیان ئەنجام داوە وەهەرەسیان هێناوە و نەیانتوانیوە کێشەکانیان بە گەلانی جیهان بناسێنن.

گشت نەتەوەکانی دراوسێمان لە ناوخاکی عێراق دەستی یارمەتییان دەکاتێ شیعەکان ئێران یان هەیە، سونتە ولاتانی رۆژئاوای عیراق بە تایبەتی سعوودیە هاریکارییەکان بەردەوامە بە چەک و دراو کورد پاش سالانێکی دوور و درێژ لە تێکۆشان پاش ئەنفال و جینۆساید ئەمریکا و یەکێتی ئەوروبی دەستی یارمەتی بۆیان درێژ کردووە، تورکمانەکان تورکیا یان هەیە، هەر لایەنێک لەم لایەنانە پرۆگرام و بەرنامەی ستراتیژیان دارشتووە کاری پێدەکەن وە هەر نەتەوەیەک لە تێکۆشاندایە بۆ مسۆگەر کردنی مافەکانیان لە فیدرالیەت و هەنگاویان ناوە بەرەو دەولەتێکی ئازاد و سەربەخۆ لە ئاییندەی نزیک، خەریکی بەتین کردنی پەیوەندییەکانی دەرەوە و ناوەوەن، تەنها ئێمەی مەسیحی نەبێت نیوە خەوتووین لە ویستگەی چاوەروانی، نەتەوەی تر ئەوەی ویستیان ولە خەونیان دابوو بە دەستیان هێنا تێکۆشانیان بەردەوامە، ئێمەش لە خەوێکی قوول خەون بەپۆستەی وەزیرێک یان ئەندامێک لە بەرلەمان دەبینین تەروهیشکمان بەیەک تێکەل کردووە لە نێوان دەشتی نەینەوا و دەشتی هەولێر و دۆرە سنک و بەتاوین نازانین رووکارەکەمان بەرەو کوێیە ؟! نازانین تاکو ئەم ساتە چیمان کردووە و چیدەکەین، بێدەنگی و فەرامۆش کردنی داواکارییکانمان دەمانگەینێتەوە رۆژێک گشت زەوی و گوندەکان و شارۆچکەکانمان یەک لە دوای یەک بە پێی مەزاجی خاوەن دەسەلات دابەش دەکرێن تا دەگەینە ئەوساتە کۆچرەوی بەرەو هاندەران مەحالی نی یە...

ئەم دیاردانە تەحە مولی و چاوەروانی نەما، چاوەروان لەم حالەتانە خۆکوژییە، لە بەرئەمە وەزعی مەسیحیەکان بە گشتی پێویستی بەگواستنەوە و گەیاندنی هەیە (تدویل ) بە زووترین کات بۆ ئەنجوومەنی نەتەو یەکگرتووەکان ولاتە زل هێزەکان بۆ ئەوەی بە هەموو لایەکان بەشداربن بۆ تاوتۆ کردنی کێشەکانیان و دۆزینەوە رێگا چارەیەک، هەروەک چۆن دەیان گێشە و گرفتی گەلانی تر لە لایەنیانەوە چارەسەرکراوە، ئەگینا کەسێک نییە بتوانی بەدوای داوکارییەکانمان بگەرێت و خەبات لە پێناومان بکات، کردەوەکانمان بەرەو ئەم رووکارە ئەنجامەکەی پۆزێتیڤە ئەمرۆ بارو دۆخ گونجاوە بۆ جوولە وبزووتنەوە بەرەو ئامانجە سەرەکییەکاندا.

گواستنەوەی کێشەی مەسیحیەکان بۆ ناو ئەنجوومەنی نەتەوە یەکگرتوەکان هەنگاوێکی راست و دروستە بۆ بەدی هێنانی مافەرەواکانمان و هەنگاوێکە بۆ چەسپەندن و بنیادنانی دیموکراسیەتی راستەقینە لە عێراق دا لەمەودا ئەرکە لە سەرشانی هەریەکەیان خەریکی رێکخستنی مالی خۆیەتی بێت بە ئارەزووی خۆیاندا لەبەر ئەمە پێویستە و ئەرکە لە سەردام و دەزگاکانی گەلی (کەلدان سریان ئاشووری) بە دواداچوونێک بە بیرو بۆ چوونی خۆیان بکەن بە تایبەتی چۆنیەتی داواکردنی مافەرەواکانیان لە ولاتانی رۆژئاوا و نەتەوەیەکگرتووەکان لەکاتی چاوپێکەوتنیان و لەکاتی خۆپیشاندان ورێپێواندا وەگۆرینی داوکارییەکان لە یارمەتی و مرۆڤایەتی و هاریکاری کۆچکردوەکان بۆ داواکاری بە دۆزینەوەی چارەسەری راستەقینە بۆ مافەرەواکانیان بۆ دانیشتووانی سەرەکی خاکی عیراق لە مەسیحیە عیراقیەکاندا لە ناو نیشتمانی دایک.

**لە ئەنتەرنێت وەرگیراوە**

# کەڵەپیاوی ماندونەناس وخەباتگێر مامۆستا (حەننا ئەنتوان) ی نەمر

نووسینی / جەمیل عیسا

لە دامێنی چیای باواجی سەرکەش ولە نێوان رەزوباخی زەیتون وهەنار وکارێزە ئاوزیوینەکەی هەرمۆتەلاوێکی خوێن گەرم، باڵا مامناوەندی، گەنم رەنگ، شۆخ و شەنگ،بیرتیژو پرشەنگ، پڕهەستی شورشگیریەتی، پڕتێنووی مارکسیەتی و چەوسانەوەی نەتەوایەتی، هەژاری وبێ دەرەتانی میللەتەکەی، سووتماک کردنی خاک ونیشتمانەکەی، ئەم رۆلە چاوگەشە لە دایک بوو لەناو خێزانێکی ئاینی ورۆشنبیر.

لێرداهیچ پێوەرێک نیە توانای مرۆڤ دیاری بکات بەتایبەتی کاتێک مرۆڤ هەست بە چەوسانەوە، زولم وزۆرداری، هەست بە رووداوێکی ترسناک دەکات، دەمێنێەوە سەربەرە نگار بوونەوەی رووداوەکە، هەلسانەوەی بەدوا بەربوونەوە چۆک دانەدان بەرامبەر بەردوژمن. مرۆڤێک تابلێ ی ڕۆشبنیر وتابلێ ی نیشتمانیەروەر و تابلێ ی خۆراگر و چاونەترس، مرۆڤێک خۆنەویست لە پێناو گەل ونیشتمانەکەی، مرۆڤێک لە ئاست بەرپرسیاریەتی بۆ بەگژدا چوونەوە بەرامبەر بەداگیرکەران و بێگانە وچینی دەسەلاتداری خوێن مژدا..

ئەم کەلە پیاوە مامۆستا حەننا ئەنتوانە . مامۆستای کۆچکردو لە بنەمالەیەکی ئاینی بووە وهەرلەسەرتادا مزچکی رۆژهەلاتی پارێزگای هەولێرە کە لە سەرئاینی مەسیحی ماوەتەوە و دەکەوێتە رۆژ ئاوای شاری کۆیە. مێژووی لە دایک بوونی ئەم کە لەپیاوە ٤٢٩١/٢١/٥١ ز . وەلەرۆژی جەژنی ماریۆحەننا لە کەنیسەی کۆیەناوینراوە (حەننا ٥٢٩١/١/٧).

خێزانەکەیان بریتی بوولە قەشە ئەنتوانی باوکی و دایکی و دوو خوشک ویەک برا . دوایێ تێپەربوونی دەسال دەخرێتە بەر خوێندنی سەرەتایی لە شاری کۆیە لە قوتابخانەی کویسنجاقی یەکەم سالی ٥٣٩١ وەلەسالی ٠٤٩١ خوێندی سەرەتایی تەواو کردووە دواتر رەوانەی بەغدا کراوە بۆ تەواو کردنی خوێندن لە خانەی مامۆستایانی لادێ (دار المعلمین الريفيه). لەو ماوە یەدا باوک و دواترین براگەورەکەی کۆچی دوای دەکەن و دەبێتەهۆی خەمناکی گەورە کاریگەر بەسەر ژیان وگوزەرانی مامۆستا حەنناى لاودا کە بۆتە هۆی ئەوەی بەم تەمەنە لە لایەک خوێندن و لەلایەکی تریش بۆ بژێوی ژیانی رۆژانەی کاربکات بۆ ئەوەی بتوانێت بەسەرکەوتووی پلەی خوێندن ببرێت. دیارە لەو ماویەی لە بەغدا بووە پەنای بردۆتە بەرکاری رێکخراوەی وسیاسی بۆوەستانەوە دژی رژێمی پاشایەتی ولە ناوریزەکانی حیزبی رزگاری نیشتمان حزب التحرر الوگنی بەشێوەیەکی کارا وچالاک بەشداری کردوە لە سالی ٥٤٩١-٦٤٩١.

وەهەر لەبەغدا ئامادەی باشی هەبووە لە خۆپیشاندان و ژایەتیکردنی رژێمی پاشایەتی و بەدەنگەوە هاتنی چینی کریکار و هەژاران ولەسەر ئەو هۆیانە بۆ ماوەیەک دەخرێتە بەندیخانەو دورخراوە تەوە لە قوتابخانە و پاش ماوەیەک ئازاد کراوە و گەراوە تەوە سەرکاری مامۆستایەتی. دیارە مامۆستا حەننا ئەنتوان لەسالی ٦٤٩١.

پەیوەندی کردوە بەحیزبی شیوعی عیراق لە رێگای لێپرسراوی ئەوکاتەی حیزبی شیوعی کە عوسمان مستەفا بووە وەلە کۆیە دەبێتە ئەندام لەگەل کۆمەلێ هاوری تر لیژنەی کۆیە دروست دەکەن کە ئەمانەی: دلداری شاعیر کەبەربرسی کارگیردەبێت و سەعیدی مەلا ئەحمەدد و حەننا ئەنتوان و سەید ئەنوەر بەرزنجی و سادق جمیل ئاغا وەک ئدندام وهەر لە دوای ئەوانیش ئەحمە دولداری شاعیریش دەچێتە ناو حیزبی شیوعی و لەگەل ئەو لیژنەیەکاردەکات. بۆیە لە سالی ٦٤٩١ جارێکی تر لیژنەی حیزبی شیوعی کۆیە وناوچەکە بە شێوەیەی لێ دێت :- ١) دلدار بەسەروک و لیپرسراو ٢) حەننا ئەنتوان بەجێگری لیپرسراو ٣) جەمال خورشید ئەندام ٤) سیدئەنوەر ئەحمەد بەرزنجی ئەندام ٥) سادق جەمیل ئەندام ٦) ئەحمد مستەفا (دلزار) ئەندام شایانی باسە لیژنەیەک سەرپەرشتی ناو بازاری کویەی دەکرد بەرێنمایی ئەم لیژنەیە حیزبی شیوعی بۆ کاسبکاران بەم شێوەیە ١- جەمال وەهاب ٢- حەمەد بەگی ئەسعەدە سوور ٣- حاجی سەعید پیلاو فرۆش ٤- وەستا سەتاری چایەچی ئەندامانی لیزنەکە کە کۆمەلێ کاروچالاکی باشیان هەبوولەوانە دانانی پاسەوانی بازار وگرنگی دان بەسەر پۆستی کردنی بازار واتە دروست کردنی جەمەلۆن وقیرکردنی شەقامەکان داواکردنی کارەبا و دانانی موەلیدەی کارەبا.

مامۆستا حەننا لە سالی ٧٤٩١ لە گوندی



حەننا ئەنتوان

عەوێنە دامەزراوە دواتر لە سالی ٩٤٩١ گواستراوە تەوە بۆتەق تەق لە شارۆچکەی تەق تەق بەرپرسی حیزبی شیوعی بووە و لیژنەیەکی پێکهێناوە لە محمد توفیق وردی و حەننا ئەنتوان و عەزیزی کێخوارەش. دیار کاروچالاکی یەکانی مامۆستا حەننا ئەنتوان وای کردوە کە رژێمی پاشایەتی هەستی پێ بکات و دەبێتە هۆی گیران دورحخستنەوەی بۆ گوندی جیایش سەربە پارێزگای ناسریە لە باشووری عیراق. ئینجا بۆ سالی ٢٥٩١ بەرەلا دەبێت و ئازاد دەکرێت ودەگەرێتەوە کۆیە و دەبێت ٥٥٩١ گواستراوەتەوە قوتابخانەی هەرموتەی سەرەتایی ئینجا لە سالی ٨٥٩١ دەگوازێتەوە بۆ قوتابخانەی قادریە لەشاری کۆیە.

لەزۆر بواردا کاروچالاکی سیاسی نواندوە وجێ پەنجەی دیار بووە لەناو حیزبی شیوعی عیراق وئەندامی کارای لیژنەی ئاشتی بووە لەشارەکە لەگەیل عەونی شاعیرو حەمەزیاد ئاغای غەفووری وسابیر اسماعیل .

لە سالێ ٠٦٩١ ئەندامی کۆنگری (ی.م.ک) بووە لە شەقلاوە . لە سالی ١٦٩١ بۆ جاری دووەم دورخراوەتەوە بۆ شاروچکەی قەلعە سکر – لە پارێزگای ناسریە دواتر لە سالی ٣٦٩١ دوای کودیتارەشەکەی ٨ی شوبات دووبارە مامۆستا حەننا بۆ دەسال حوکم دەدرێت وزیندان دەکرێت. لە سالی ٤٦٩١ دوای کودەتایەکەی عەبدوالسلام عارف بۆ (٤) ساڵ حوکم دەدرێت و حوکمە کەی کەم دەکرێتەوە و ڕەوانەی حیللە دەکرێت و لەپیشەی مامۆستایەتی دەردەکرێت (فصل) .

دواتر لە رۆژنامەی (التاخی) کاری کردووە ولە سالی ٨٦٩١ دیسان گەراوەتەوە سەرپیشەی مامۆستایەتی بۆ گوندی مورتکە تا سالی ٩٧٩١ خانە نشین کراوە.

مامۆستا حەننا وەک پیاوێکی رۆشنبیر ووتارەکانی لە گوڤاری کاروان (التاخی) و برایەتی ورۆژنامەکانی دوایراپەرین (الاتحاد) کوردستانی نوێ وگوڤارە کانی تر ووتاری بەپڕشت ووبەپێژی دەنووسی و رۆلی کاریگەر وجوامێریانەی هەبوو بە درێژایی تەمەن لە گەل چین وتویژە رەش وروت و هەردەم لە غەمناکی ئەو گەلە ستە مدیدە یەبوو بۆیە زۆربەی ژیان و تەمەنی لاوێتی وجوانی لەناو بەندیخانەکانی باشوری عیراق کاتی بەسەر بردورە و زۆربەی سالانی خزمەتکەپیشی دورخراوەتە بۆناوچەی زۆنگاوەکانی ناسریە .

مامۆستا حەننای نەمر لە دوای خۆی چوار کوروسێ کچی بەجێ هێشتوە بەناوی دلێر وفائز و کامەران وگۆران شلێر وکنیر ورەوشەن .

هەزاران سلاو لە گیانی پاکی ئەو کە لە پیاوە تێکۆشەرو نیشتمانپەروەرو ماندونەناسە ئەو مامۆستا زانا و دانا و رۆشنبیری خاوەن ویژدان و هەلۆیستی وولاتە کەم، چرای رۆشنکەرەوەی بیری ئازادی ودیموکراتی و ئاشیتخوازی .